*Journal of Language Studies.* **Vol.VI, No. 3, 2023, Pages (133-152)**

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: http://www.iasj.net/iasj/journal/356/about

# Basic forms (genres) of literature and the relationship between poetry and drama

**Dr. Fazil Majid Mahmood** *
**University of Slimani**
**Fadhil.qasim@univsul.edu.iq**
**&**
**A. T. Aram Omer Ali**
**University of Halabja**
**Aram.ali@uoh.edu.iq**

**Received:** 12 / 11 / 2022, **Accepted:** 10 / 1/2023, **Online Published: 15 / 5 / 2023**

©2023 College of Education for Women, Tikrit University. This is an open Access Article under The Cc by LICENSE http://creativecommons.org/licenses/by/4.0/

## Abstract

The research entitled (Basic Forms of Literature and the Relationship between Poetry and Drama) is an attempt to present accurate information about the genres of literature and point out the differences and relationships between them. In order to find the relationship between poetry and drama, which is the main purpose of our research, the beginnings of distinguishing literary genres go back to Aristotle's book on the art of poetry. That is, the classification that existed from the beginning until the Middle Ages dates back to the time of Aristotle, but what exists today, although there are differences between them, there are

* **Corresponding Author**: Dr. Fazil Majid Mahmood**, Email:** Fadhil.qasim@univsul.edu.iq
**Affiliation**: Slimani University - Iraq

many commonalities and similarities between the elements and genders. Through its results, the research describes the relationship between drama and poetry as a historical century and from there goes to find the closest points of the relationship between poetry and drama.

**Key words:** poetry, drama, historical century

# الأشكال الأساسية للأجناس الأدبية والعلاقة بين الشعر والدراما
## البحث مستل من اطروحة دكتوراه

**أ.د. فاضل مجيد محمود**
**جامعة السليمانية – كلية اللغات**
**و**
**م.م. ئارام عمر علي**
**جامعة الحلبجة - كلية التربية الأساسية**

**الـمـسـتـخـلـص**

ان البحث بعنوان (الأشكال الأساسية للأجناس الأدبية والعلاقة بين الشعر والدراما) والفروق والعلاقة بينهما، وذلك لايجاد العلاقة بين الشعر والدراما، هذا هو الغرض الرئيسي من بحثنا. لان بدايات تميز الانواع الأدبية الى كتاب فن الشعر لأرسطو، ومن ثم يبدا التصنيف الى البداية والى نهائيات القرون الوسطى و التي تعاصر عصر ارسطو، ولكن ما هو موجود الآن- على الرغم من وجود اختلافات بينهما - فهناك العديد من النقاط المشتركة والتشابه بين عناصر هذه الانواع الأدبية ، و يتوصل البحث من خلال النتائج التي توصلت اليها العلاقة بين الدراما والشعر كعصر ادبي و تأريخي . ومن هناك يتابع البحث لأيجاد النقاط القريبة لتلك العلاقة بين الشعر و الدراما.

**الكلمات الدالة:** الشعر والدراما، العصر الأدبي والتاريخي، التشابه.

# شێوە بنەڕەتییەکانی ژانرە ئەدەبییەکان و پەیوەندی نێوان شیعر و دراما
**ئەم توێژینەوەیە وەرگیراوە لە تێزی دکتۆرا**

**پ. د. فاضل مەجید محمود**
**زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی زمان**

**م.ی. ئارام عمر علی**
**زانکۆی هەڵەبجە/ کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت**

**پوختەی توێژینەوە:** توێژینەوەکە بە ناونیشانی ( شێوە بنەڕەتییەکانی ژانرە ئەدەبییەکان و پەیوەندی نێوان شیعر و دراما)یە، هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی زانیاری دروست لە مەڕ ژانرەکانی ئەدەب و ئاماژەدان بە ڕووی جیاوازی و پەیوەندی نێوانیان، ئەمەش لە پێناوی دۆزینەوەی ڕایەڵەی پەیوەندییەکانی نێوان شیعرو دراما، کە مەبەستی سەرەکی توێژینەوەکەی ئێمەیە، ئەڵبەتە

سەرەتاكانی جیاكردنەوەی ژانرەكانی ئەدەب بۆ كتێبی هونەری شیعری ئەرستۆ دەگەڕێتەوە، واتە ئەو پۆلێنكارییەی لەسەرەتاوە هەبووە تا سەدەكانی ناوەڕاست بۆ سەردەمی ئەرستۆ دەگەڕێتەوە، بەتایبەت ژانرەكانی شیعر، لەگەڵ ئەوەی خاڵی جیاواز لە نێوانیاندا هەیە زۆرێك لە هاوبەشی و خاڵی لێكچوو لە نێوان توخم و ڕەگەزەكانی ئەو ژانرە ئەدەبییانەدا دەبینرێت، توێژینەوەكە لە ڕێگەی ئەنجامە بەدەستهاتووەكانییەوە پەیوەندنی نێوان دراماو شیعر وەك سەدێكی مێژووی باسدەكات و لەوێشەوە بۆ دۆزینەوەی ڕایەڵە نزیكەكانی ئەو پەیوەندییەی نێوان شیعرو دراما دەڕوات.

**وشەكلیلییەكان**( ژانر- ئەدەب- شیعر – دراما – ڕەگەز و توخمی هونەری)

**پێشەكی:** قسەكردن و نوسین لەبارەی چەشنە ئەدەبییەكانەوە فرە ڕەهەندەو دەكرێت بە جیاجیاو بەشێوەیەكی گشتیش قسەیان لەبارەوە بكرێت، گرنگ ئەوەیە ئەم باسە زۆر هەڵدەگرێت و پێشتریش لەلایەن توێژەران و نوسەرانەوە لەبارەیەوە دواون و ئەم كارەی ئێمەش وەك توێژینەوەیەكی زانستی ملۆیەك دەخاتە سەر خەرمانی توێژیرانی بوارەكەو لە كۆتایشدا خزمەتێك بە خوێنەران دەكات، كە بەرچاوڕوون بن لەمەڕ مێژووی سەرهەڵدانی چەشنە ئەدەبییەكان و پۆلێنكردنیان، هەروەها گەشەسەندن و پەرەسەندنی چەشنێكی ئەدەبی و كزبوون و ونبوونی چەشنێكی ئەدەبی تر و تواندنەوەی لەنێو چەشنێكی تری تازە لەدایكبووی ئەدەبیدا. كە هەندێك لە زانایانی بوارەكە پێیان وایە: "چەشن (ژانر)ی ئەدەبی وەک چەشنی بایۆلۆژیی وایە، دێت و گەشەدەكات و لەناو دەچێت، بەڵام ئەم لە ناوچوونە لە ناوچوونی تەواو نییە، بەڵكو ڕەگەزەكانی لەگەڵ چەشنی تردا بەردەوام دەبێت و دەمێنێتەوەو گەشە دەكات" كە دواتر بە ڕوونتر دێینە سەر باسكردنی ئەو بوارە.

**ناونیشانی توێژینەوەكە:** شێوە بنەڕەتییەكانی ژانرە ئەدەبییەكان و پەیوەندی نێوان شیعر و دراما

**میتۆدی توێژینەوەكە:** میتۆدی مێژوویی و وەسفی شیكارییە.

**كەرەستەی توێژنەوەكە:** ئەدەبی كوردی و لایەنی مێژووی گۆڕان و پێشكەوتنی ژانرەكانی ئەدەب و دەقی شیعری چەند شاعیرێك، لە پێناوی خستنەڕووی پەیوەندی نێوان شیعرو دراما لە ڕووی ڕەگەزەكانیانەوە.

**پێكهاتەی توێژینەوەكە:** توێژینەوەكە لە پێشەكی و سێ تەوەرەو پوختەی توێژینەوەكە بە هەرسێ زمانی(كوردی – عەرەبی – ئینگلیزی) و ئەنجام و لیستی سەرچاوەكان پێكهاتووە.

**تەوەرەی یەكەم: شێوە بنەڕەتییەكانی ئەدەب(چەمك و جۆرەكانی)**

ژانری ئەدەبی وەرگێردراوی زاراوەی"Literary Genres " یە، لە زمانی ڕۆژئاوادا، جارێک لە بری (Genres ،Kinds ،Types) بەكار هاتووە و هەتا (Forms) یشی پێوتراوە، زاراوەی (ژانر) بەكار هێنانی فەرەنسییە، هەروەها لەلای ئینگلیزیش هەمان زاراوە بەكاردەهێنرێت، ئەڵبەتە مێژووی بەكارهێنانی ئەم زاراوەیە لای ئینگلیز بۆ پێش سەدەی بیستەم زیاتر ناگەڕێتەوە... ڕیشەو ڕەچەڵەكی ئەو زاراوەیە (Genes) یا (Genos) بۆ یۆنانی دەگەڕێتەوە (شمیسا، ١٣٨٧، ل٣١)، ئەو ژانرە بنەڕەتییانەی كە لەسەرەتای سەرهەڵدانیانەوە دەركەوتوون و

دواتر لەلایەن ئەرستۆوە پۆلین کراون، لە " هونەری شیعر"دا، ئەدەبی دابەشکردووە بۆ سێ جۆر، ئەوانیش «تراژیدیا، کۆمیدیا، داستان» (الماضی، ٢٠١٠، ل٩٤)، لە سەرەتاوە پێوانەو پۆلێنکردنی ئەدەب بە جۆرێکبوو، مێژوی ئەدەب وابەستەی مێژووی شیعربوو یان درێژکردنەوەی گەشەی ئۆرگانی شیعر، ئەم چەمکە لە سوقراتەوە دێت تا ئەو کاتەی ئەدەب چەمکێکی گشتگیرتر وەردەگرێت و شیعر دەکاتە یەکێک لە چەشنە بنەڕەتییەکانی خۆی، کەواتە «پێشینەی دابەشکاری لە ئاستێکی باڵادا بۆ شێوەکانی ئەدەبی، سەرەتاکەی بۆ ئەرستۆی یۆنانی و هۆراسی ڕۆمی دەگەڕێتەوە» (شمیسا، ١٣٨٧، ل٣١).. ئەم دابەشکردنە تا سەدەی هەژدەیەم لە چوار چێوەی دابەشکردنی شیعردابووە بەو ئاراستەیەیی (ئەدەب) تا ئەو دەمە بە شیعر دەناسرا، «هەر ئەمەش وا دەکات کە پۆلێنکردنی چەشنە ئەدەبییەکان لە ئەرستووە تا دەگاتە هێگڵ و ئیلیۆت پۆلێنکردنی شیعرە نەک شیعر و پەخشان پێکەوە» (حسەین، ٢٠٠٧، ل٣٤). لە کاتێکدا چەشنە ئەدەبییەکان جگە لە شیعر پەخشانیش دەگرێتەوە.

گۆتە لەبارەی جۆرەکانی شیعرەوە «ئیپیک، لیریک و دراما) بە جۆری هەرەبەرزی شێوەی بنەڕەتی، یان سروشتی لەقەڵەم دەدا» (هاڵبێرگ و ئەوانی تر، ٢٠١٨، ل34)، گۆتە پێی وایە هەر چەشنە ئەدەبێک ڕوخساری خۆی هەیە و خاوەنی دەربڕین و ناوەڕۆکی پێشکەوتووی خۆیەتی، لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕێڕەوی مێژوویدا چەند بابەت و ژانری ئەدەبی سەر هەڵدەدەن و هەندێکیان ون دەبن کە پێشتر بوونیان هەبووە و گرنگیان پێدراوە، وە هەندێکجار گۆڕاون بە چەشنێکی تری ئەدەبی. وەك ئاماژەی پێدرا ئەم دابەشکارییەی ئەرستۆ بۆ ژانرەکانی ئەدەب تا کۆتایی سەدەی حەڤدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی هەژدە کاری پێدەکرا، دواتر هەندێک لە تیۆرزان و ڕەخنەگرو شاعیران بە پێویستیان زانی کە «لە دانانی تراژیدیاو کۆمیدیادا پشت بەکارەکانی شکسپیر ببەسترێت» (الماضی، ٢٠١٠، ل٩٥)، ئەمە بەمانای ئەوە نییە، کە ئەو پۆلێنکارییەی ئەرستۆ بایەخی لەدەست دابێت، بەڵکو هەمیشە تیۆری ئەدەبی پشتی بە دیدە تیۆرییەکانی ئەرستۆ بەستووەو تا ئەمڕۆکەش کتێبی هونەری شیعری ئەرستۆ بایەخ و گرنگی خۆی هەیەو چەندین ڕەخنەگر بۆ لێکدانەوەکانیان دەگەڕێنەوە سەر بۆچوونەکانی.

گفتوگۆ سەرەتاییەکان لە بارەی دراماوە وەك ژانرێکی شیعری لای یۆنانی کۆن بۆ سێ جۆر دابەشدەبێت «تراژیدیا (المأساة)، کۆمیدیا (ألملهاة)، درامای ساتیر» (ابراهیم، ١٩٩٤، ص١٢-١٩) ئەرستۆ لە کتێبی هونەری شیعردا «چەندە باسی تراجیدیا دەکات، هێندەش خۆی لە فۆرمەکانی تری دراما، بۆ نموونە کۆمیدیا و ساتیر لادەدات، بەڵام باسی فۆرمە داستانئامێزەکان دەکات، بەتایبەتی بۆ ئەوەی جیاوازییەکانی داستان و تراجیدیا بخاتەڕوو، ئەمەش لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارە ساکارەی. کە دراما بە شێوەیەکی گشتی و فۆرمی تراجیدیا بەشێوەیەکی تایبەتی پێگەیەکی گەورەی لە ئەسینادا هەبووە»(ڕەئووف، ٢٠١٦، ل١٤).

لەبواری پۆلێنکاری بۆ چەشنەکانی دراماش ئەرستۆ (٣٨٤-٣٢٢ پ.ز) بە یەکەم تیۆرزان و ڕێکخەری ڕێبازی کلاسیک لە درامادا دادەنرێت، کە یاساو ڕێسا نووسراوەکانی لە کتێبی "هونەری شیعر"دا نووسییەوەو بوو بە بنەمایەک بۆ هەڵسەنگاندن و پۆلێنکردن و ناسینەوەی دەقە دراماییەکان، ئەرستۆ ئەو یاساو ڕێسایانەی لەسەر بنەماو بنچینە هونەرییەکانی دراما تراژیدییەکانی هەرسێ شاعیرو درامانامەنووسی یۆنانی (ئەسخیلۆس و سۆفۆکلیس و یۆرپیدس) و

کۆمیدیانووسـی بەناوبانگ (ئەرسـتۆڤانیس) بەرهەمهێنا. ئەرسـتۆ لەم کتێبەدا شـیعری تراژیدی بە گرنگترین فۆرمی دراما ناودەبات و پایەیەکی گرنگ بە شـیعری درامی دەدات، هەروەها باس لەپەرەسـەندنی و پێشـکەوتنیان دەکات، لە شـێوەی سـادەو سـاکارەوە بۆ زیادکردنی توخمەکان و ڕەگەزە بنەڕەتییەکـانی وەک ئەکتەر و کـاڵبوونەوەی ڕۆڵی کۆرس، هەروەهـا بۆچوونی وایە «تراجیدی و کۆمیدی هەردووکیان لەسـەرەتاوە بەسـەرپێی دەستیان پێکردووە» (ئەرسـتۆ، ٢٠١١، ل٢٣) ئەمەش جەختکردنەوەیە لەسەر گەشەسەندن و پەرەسەندنی ئەم دوو ژانرەی شیعر، ئەوەی ئەرستۆ باسی لێوەنەکردووە بابەتی کزبوونی ژانرێکی ئەدەبی و لەناوچوونی و شوێنگرتنەوەی بە ژانرێکی تری ئەدەبی، ئەمەش ڕەنگە لەوەوە سـەرچاوەی گرتبێت کە ئەو باوەڕی بە لەناوچوونی ژانری ئەدەبی نەبووە، جەختی لەوەش کردۆتەوە «تراژیدیا بە هەنگـاوی شـێنەیی بەرەوپێش چووە»(ئەرسـتۆ، ٢٠١١، ل٢٣) لەئەنجامی ئەو پەرەسـەندن و بەرەوپێشـچوونانە، ڕەگەزی تازە لەم شـێوەیەی شـیعردا سـەریهەڵداوە، ئەرسـتۆ بایەخێکی گرنگی بە تراژیدیا داوە «هەموو کتێبی هونەری شیعر لەبەرەنجامی ئەو دەقە تراجیدیانەوە نووسـراون، کە بوونیان هەبووەو بۆ جەماوەر نمایشـکراون، هەر لەبەر ئەوەیشـە بنەما تیۆرییەکانی کەم و زۆر ئاماژە بە تراجیدیایی کلاسـیک دەکەن» (ڕەئووف، ٢٠١٦، ل١٩)

دراما و داسـتان دوو ژانری دیاری نێو دابەشـکارییەکەی ئەرسـتۆن، جیاوازی نێوانیان لـەوەدایـە کـە درامـا وەك داسـتـان «گێڕانەوە نییە، بەڵکو گفتوگۆو قسـەی پـاڵەوانەکـان و هەڵسـوکەوتیانە... ئەگەر لە ئێپیکدا ڕووداوەکان هی ڕابردووبن، ئەوا دیالۆگ و مۆنۆلۆگی دراما هی کاتی ئێسـتان، لێرەدا ژیان خۆی قسـە دەکا، بینەر ڕاسـتەوخۆ دراماکە دەبینێ» (هاڵبێرگ و دانەرانی تر، ٢٠١٨، ل٤٦-49)

هەرچی سـەبارەت بە داستانیش لای ئەرستۆ «بریتییە لە ژانرێکی شیعری کە لە ڕێگەی گێڕانەوەوە دەخرێتەڕوو» (بەرزنجی، ٢٠١٦، ل٨٢)، ئەرسـتۆ نموونەی زۆر دیار بۆ داسـتان یان داستانە شیعر «لە شیعرەکانی هۆمیرۆسدا بینیوەو دیاریکردووە... چەمکی ڕاستەقینەی بونیادی داسـتان، بریتییە لەوەی کە بەشـە سـەربەخۆکانی، چ بچوک، چ گەورە، بە شـێوەیەکی ئاسـایی دەخرێنە پاڵ یەک، ئەم زیادکردنەش هەمیشـە بەرەو پێشـەوە دەڕوا و پەرەدەسـێنێ» (هاڵبێرگ و دانەرانی تر، ٢٠١٨، ل٤٣-٤٤).

هێگڵ ئەدەب دابەشـی سـێ جۆری سـەرەکی دەکات «داسـتان (ملحمة)، شـیعری لیریکی (غنائی)، شـیعری دراماتیکی (درامی)» (عومەر، ٢٠١٢، ل١٠٠) بەهەمان شـێوەش ت.س. ئەلیۆت دابەشکاریی بۆ ئەدەب دەکات « ناوی لێناون "سێ دەنگەکەی شیعر"» (الیوت، ١٩٩١، ص١١٤) وە هەرسێ دەنگەکە (گۆرانی، داستانی و درامی) دەبەستێتەوە بە شاعیرەوە، کاتێک لەگەڵ خۆی و بەتەنیا بۆ دەروونی خۆی قسە دەکات شیعری گۆرانی (لیریک) پێکدێت، یان دەنگی دووەم ئەوەیە کاتێک گوتاری ئاراستەی گوێگرەکانی دەکات، وە دەنگی سێیەم کە دەیەوێت کەسایەتییەکی درامی لێبەرهەم بهێنێت، هیگڵ لە دەستنیشانکردنی چەشنەکانی ئەدەبدا دەڵێت «داستان بابەتییە و شیعری لیریک خودییە و دراما تێکەڵەی هەردووکیانە» (هاڵبێرگ و ئەوانی تر، ٢٠١٨، 36). هەر ئەو دەنگە کاتێ ڕوو لە جەماوەر دەکات دەبێتە داستانی و کاتێک شاعیر پەنا بۆ دەمەتەقێی و دیالۆگ دەبات لە نێوان چەند کەسـایەتییەکدا، دراما لەدایک دەبێت، لەگەڵ ئەوەشـدا «زۆربەی جارەکان دەبینین

هەرسێ دەنگەکە چوونەتە ناویەک لە کارێکی شیعریدا جا ئەو کارە لیریک بێت، یان داستانی، یا درامی» (الماضي، ٢٠١٠، ٩٨)

ئەوەی خاڵی جەوهەرییە لەم بۆچوونەی ئەلیۆت و ئەوانی تردا، تێکەڵبوونی ڕەگەزی ئەو جۆرانەی هونەر و ئەدەب و شــــیعرە بەیەکتر، کە دەتوانین لە نێو هەریەکەیاندا بەدوای توخم و ڕەگەزی ئەوی تریـانەوە بین، ئەمەش ڕێگە واڵاکردنێکی تەواوە بۆ ئەوەی ئێمە بەدوای توخم و ڕەگەزە هونەرییەکانی دراماوە بین لە شـیعردا، یان بە جۆرێک بۆ ئەوەمان دەبات هەردەم گرنگی بە خاسـییەت و تایبەتمەندی هەریەکە لەو جۆرانەی ئەدەب بدەین، تا بۆ دۆزینەوەی ئەو تێکەڵیی و پەیوەندی و هەتا جیاوازی نێوانیشـیان زانستییانە هێڵکاری بکەین، کەواتە«جیاوازیکردن لە نێوان سێ دەنگەکە پێویستە» (الماضي، ٢٠١٠، ٩٨) و هەر بابەتێکیان شیعر یا دراما، شیعر و پەخشـان، یان شـیعری درامی و درامایی شـیعری، لە شـوێنی خۆیدا دابنرێت. ئەوەی بەشـێک لەوجیاوازییانە دەســـتنیشـــان دەکات بابەتی (خودییەتی) و (بابەتیبوونی) دەقەکەیە، هەروەها لە نێوان چیرۆک و ڕۆمـان و دراماشـــدا تەکنیـک ڕۆڵی بەرچـاوی هەیە کە هەنـدێـک لەو تەکنیـک و ڕەگەزانە لە چەشنێکیاندا سیمای ناسینەوەی دەقەکەن لە هەندێك دەقیتردا خاڵی جیاوازی و جیاکەرەوەن.

لە نێوان ئەم لێکچوون و جیاوازییانەدا بۆ گەشـــتن بە جۆرێک لە دۆزینەوەی خاڵی بەهێز دەتوانین بەپرســــیاری چون بە تەکنیک و توخم گەلێکی هونەری دەرک بەو لێکچوون و جیاوازییە بکەین؟ بۆنموونە ئەگەر پەنا بۆ تەکنیکی گێڕانەوە ببەین و بمانەوێ وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، کە ئـاخۆ گێڕانەوە، تەکنیـک یـان ڕەگەزێکی دراماییە؟ ئەوا دەتوانین بەکورتی بڵێین: لەڕاســــتیدا گێڕانەوە تایبەتمەندییەکی هونەرییە لە دەقی پەخشــــاندا، یان وردتر بڵێین لە دەقی گێڕانەوەبەندیدا، ئینجا بەوپێیەی کە لە ســــەرەتادا دەقی درامی (شـــانۆیی) بە شــــیعر نووســــراوە، بۆیە زۆرجار حیکـایەتخوانی تێـدانەبووە، وەک ئەوەی کە لە دەقی چیرۆک و ڕۆمـانـدا حیکـایەتخوان ڕۆڵی سـەرەکی هەیە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا، لەبەرامبەر ئەو تەکنیکەدا سیمای گشـتی بۆ ناسینەوەی درامـا، دایەلۆگـە. کـەواتـە ئەگەر گێڕانەوە لە درامـادا زاڵ بێـت، ئەوا دەقەکە بەرەو چیرۆک و حیکایەت دەڕوات، هەروەک بەپێچەوانەوە چەندە ڕێژەی گفتوگۆ لە دەقدا زۆر بێت، دەقەکە زیاتر لە دراماوە نزیک دەبێتەوە. بەم شـێوەیە دەبێ ئەوەمان لە یاد بێت، کە دەقی درامی لەپێناو (کۆمەڵ) دایە نەک لەپێناو (تاک) دا، هەرچی کۆمەڵیشــــە پێویســــتی بە (بابەتیبوون) ەو (تاک) یش مەیلی بەلای (خودێتی) دایە.

یەکێکی تر لەو هۆکـارانەی کە وا دەکـات، گێڕانەوە لە دەقی درامیدا ڕۆڵێکی زۆری پێ نەدرێت، ئەوەیە کە (گێڕەرەوە) بۆ خۆی ڕۆڵی لاوازە لە دراما‌دا، ئەمەش بەوپێیەی کە کارەکتەر لە درامادا لەڕێگەی نواندنەوە ئەو بۆشاییە پڕ دەکاتەوە. هەڵبەت دەبێ لە شیعری درامیشدا شاعیر ئەوە بزانێت، کە ئەو مامەڵە لەگەڵ چ جۆرە دەقێکدا دەکات. پێویسـتە ئەوەش لەبەرچاو بگرین، کە چەمکی (گێڕانەوە) بەپێی تیۆرە ئەدەبییەکـان و بەپێی میتۆدە ڕەخنەییەکـان گۆڕانکـاریی زۆری بەســـەردا هاتووە، بە جۆرێک کە مامەڵە لەگەڵ بنیاتی گێڕانەوەدا جیاوازە وەک لە مامەڵە لەگەڵ گێڕانەوەدا وەک ڕەگەزێکی دەقی گێڕانەوەبەندیی (چیرۆک و ڕۆمان)، لەگەڵ ئەوەشـــدا پەیوەندی بەتین و تندوتۆڵ لە نێوان ژانرەکاندا هەیە، بەهێزی کاریگەری ڕەگەز و توخمەکانیان لەســــەر

یەکتر وا دەکات ژانری تر لەدایکببێت، هەر بۆیە ئەو پۆلێنکارییانەی سەردەمی پێشووی گۆڕان بەسەردا هاتووە «برۆنتییر، پێی وایە چەشنی ئەدەبی (ژانر) وەک چەشنی بایۆلۆژیی وایە، دێت و گەشەدەکات و لەناو دەچێت، بەڵام ئەم لە ناوچوونە لە ناوچوونی تەواو نییە، بەڵکو ڕەگەزەکانی لەگەڵ چەشنی تردا بەردەوام دەبێت و دەمێنێتەوەو گەشە دەکات» (حسەین، ٢٠٠٧، ل٣٤) لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا تێڕوانینی تیۆری ڕەنگدانەوە بۆ چەشنە ئەدەبییەکان پێیوایە دەرکەوتن، یان لەناوچوونی چەشنە ئەدەبییەکان وابەستەی پێداویستی ئیستاتیکی و کۆمەڵایەتییە، بۆ نموونە ڕۆمان لە ژینگەی کۆچەریدا سەهەڵنادات، بەڵکو پێویستی بە پەیوەندیگەلێکی کۆمەڵایەتی چڕ هەیە، کە خۆی لە شاردا دەبینێتەوە. دیارە ئێستا زۆرێک لە ژانری ئەدەبی و ژانری شیعری سەریانهەڵداوەو توێژینەوەیان لەبارەوە دەکرێت و بوونەتە بابەتێکی زیندوو، بەبۆچوونی دکتۆر سیروس شمیسا «کاتێک ژانرێکی ئەدەبی لاواز دەبێت و کەناردەخرێت، ئەرکی ئەو ژانرە لە ژانرێکی تری نوێدا سەرهەڵدەدات» (شمیسا، ١٣٨٧، ٣٢) هەر خۆی پێیوایە «گۆڕان لە چەشنە ئەدەبییەکاندا پەیوەستە بە گۆڕان و گۆڕانکاری باری کۆمەڵایەتی» (شمیسا، ١٣٨٧، ل٣٦) جا ئەو ژانرانە وەک چۆن لە پێشتریش لە گۆڕاندا بوون، ئێستاش هەر لە گەشەسەندن و گۆڕانی تایبەتی خۆیاندان «ئیمڕۆ هەر تێکستێک دەیگری، هەتا ئەگەر پەیامێکیش بێ، ناتوانێ لە ئاخاوتنی جۆرەکانی ئەدەب دەربازبێ، ئەمەش وەک ئاسۆیەک وایە لە هەموو تێکستێک هەڵدێ»(عومەر، ٢٠١٢، ل٩٩). بەمەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە گرنگترین ئەرکی ژانری ئەدەبی پلەبەندکردنی شوێنەواری ئەدەبە بەپێی قۆناغەکانی گەشەو سەرهەڵدانیان، ئەڵبەتە ئەم گرنگیدانەش بە ژانرەکان لەیەک ئاستدا نین. دەشێت لێدوان لە بەرهەمێکی ئەدەبی ئاسان بێت، بەڵام کاتێک بە دوای ئەوەدا دەگەڕێین کە ئەو شتانە چین ئەدەب لە بوارەکانی تر جیادەکاتەوە؟ یان ئەو پێوانانە چین بەرهەمێکی ئەدەبی پەسەند بکات و لە چوارچێوەی چەشنێکی ئەدەبیدا پۆلێنی بکات، ئەو کات دووچاری هەندێک ئاستەنگ و گرفت دێینەوە.

ئەگەر بمانەوێت لە گرفتی چەشنە ئەدەبییەکان بدوێین، نەبوونی بۆچوونی یەکگرتوو و چەمکی لێکۆڵینەوە و ڕوانینی جیاواز، دەتوانرێت وەک خاڵێکی دیار دەستنیشان بکرێت، هەرچەندە زۆر جار بەهۆی فراوانی بواری ئەدەبی و چەشنەکانی ئەدەبەوەیە، کە فرەیی لە بۆچوون و پێناسەی جیاوازدا سەرهەڵدەدات. لەگەڵ ئەوانەشدا، ئەوەی ڕۆڵی گرنگی هەیە؛ جیاوازی زمانە لە نێوان جۆرو ژانرەکانی ئەدەبدا (شیعرو چیرۆک و دراماو وتاری ئەدەبی و ڕۆمان) لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین هەندێک لایەنی ئەو جیاوازییانە بەشێوەیەکی فراوان لەم خاڵانەدا بخەینەڕوو:

1. لایەنی دەنگی لە شیعردا جیاوازە، لەو لایەنە لە ڕۆماندا، ئەمەش بە شێوەیەکی ئاشکرا دیارە.
2. ڕەگەزی گوزارشتکەری هەڵچوون لە شیعری خودیدا زیاترە وە زۆر ڕوونترە لەوەی، کە لە چیرۆک و ڕۆماندایە.
3. زمان لە ڕۆمان و چیرۆک و درامادا زیاتر زەینی یە وەک لە شیعر.

4. زمانی شیعری زیاتر دەستووری زمان دەبەزێنێت لە پێناوی دانانی گوێگر یان خوێنەر لە بارێکدا، کە زیاتر وەعی و هۆشیاری تێدابێت.
5. زمانی شیعری گرنگییەکی زۆر بە چینی مومکن دەدات، هەندێکجار دەگاتە پلەیەکی ئاڵۆز بە جۆرێک، کە ئەستەمە وشەیەک بگۆڕین، یاخود وشەیەک زیادبکەین بەبێ ئەوەی کاریگەرییەکەی نەبێتە مایەیی تێکدان لە گشتیدا. (الرحمانی، ٢٠٢١، ٣٩و٤٠) لەگەڵ ئەوەدا ئەم بارە بە گۆڕینی وشەیەک و هەندێکجار زیاتریش کاریگەری ئەوتۆی نابێت لە چیرۆک و ڕۆمان و درامادا.
6. لەشیعردا خودییەتی شاعیر بەسەر تاپۆی دەقەکەوە دەبینرێتەوە، واتە شیعر دەقێکی خودییە، هەرچەندە ئەم حاڵەت بەسەر شیعری درامی و درامای شیعریدا ناچەسپێت، بەڵام دراماو چیرۆک و ڕۆمان زیاتر بابەتین و نووسەر لەدەقەکەدا دەبێت خۆی بێلایەن نیشانبدات و نابێت بە هیچ شێوەیەک خودییەتی نووسەر بەسەر دەقەکەدا زاڵبێت.
7. تایبەت بە ئەو ڕستانەی لە درامادا هەن دەبێت کورت و گونجاوبن، چونکە ئەو ڕستانە لە درامادا بۆ دەربڕینن نەک خوێندنەوە، «بۆیە پێویستە دیالۆگ لە درامادا لەگەڵ کەسایەتییەکەدا جووت بێت و سوک و ئاسان بێت» (الرحمانی، ٢٠٢١، ٨١) بەڵام ئەمە لە چیرۆک و ڕۆماندا جیاوازەو باری کورتبڕی لە ڕستەدا ڕەچاو ناکرێت مەگەر دەقەکە وابخوازێت.

**تەوەرەی دووەم:**

**ڕاو بۆچوونەکان لەبارەی چەشنە ئەدەبییەکانەوە(پەیوەندی نێوان دراماو شیعر)**

(ڕێنیە وێلیک) و (ئۆستن وارین) چەشنە ئەدەبییەکان بە (دامەزراوە) ناودەبەن، هەروەک چۆن کڵێسە، زانکۆ، دەوڵەت بۆخۆیان دامەزراوەن... مەبەست لەو دامەزراوانە ئەوە نییە بینایەک، ماڵێکی پەرستن، کتێبخانەیەک، یان دادگایەک، بەڵکو وەک چوارچێوەی دامەزراوەیەکی پتەو کە مرۆڤ دەتوانێت کاریان تێدابکات (ولیک و أوستن وأرن، ١٩٩٢، ٣١٣-٣١٤)، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا هەندێک لە ڕەخنەگران دابەشکردنی ئەدەبی بۆ چەشن و ژانری جیا جیا ڕەتدەکەنەوە، بۆ نموونە (کرۆچی)یە لەگەڵ دابەشکردن و پۆلێنکردنی ئەدەبدا نییە و لەو بارەیەوە دەڵێت «ئەدەب پێکدێت لە کۆمەڵە قەسیدە و دراماگەری و ڕۆمانێک کە هەموویان لەژێر ناوێکدا کۆدەبنەوە کە ئەدەبە»(حسەین، ٢٠٠٧، ٣٣).

ڕایەکی تر هەیە کە وا دەڕوانێتە چەشنەکانی ئەدەب کە کەمتر بوونیان هەیە (ستایگەر) زیاتر خۆی بە دیاردەکانی دەرەوە خەریک کردووە ئەویش لە کتێبە بەناوبانگەکەی بە ناوی «"چەمکی بنەڕەتی شیعر، ١٩٤٦" نایەوێ زاراوەی "لیریکی، ئیپکی، درامی" بەکاربهێنێ، لەبەر ئەوەی بەگوێرەی بیروڕای ئەم، ئەو بۆچوونە دێنێتە ناو کە دەبێ هەمیشە بەرهەمی شیعری بدرێتە پاڵ یەکێ لەو سیانە... چونکە شیعر بریتییە لەو سێ ڕەگەزە بنەڕەتییە» (هاڵبێرگ و ئەوانی تر، 2018، 34) بەم پێیە چەشنەکانی ئەدەب ڕەتدەکاتەوە وەک چەمکێکی ڕووت و وشک و سورە لەسەر نەبوونیان یان نەبوونی کاری لیریکی پوخت، یاخود باڵکێشانی یەکێک لەوانە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ناتوانرێت ئەدەب دابەشبکرێت بەسەر فۆڕمە چەشنەییەکاندا. هەر لەو بارەیەوە،

(ڕێنیه وێلیک و ئۆســـتن وارین) پێیانوایە «ژانرە ئەدەبییەکان هەر بە تەنها ناوێک نیین، چونکە ئەو نەریتە ئیستەتیکییەی پشکداریی تێدا دەکات، لە دارشتنی دەقی ئەدەبیدا، تەواوی کەسایەتی دەق پێک دەهێنێت»(ولیک و أوستن وأرن، ١٩٩٢، ٣١٣). ئەوەی ئەمڕۆ گفتووگۆی شێلگیرانەی لەسەر دەکرێت ئەو تایبەتمەندیانەن کە ژانرێکی ئەدەبی لە یەکێکی تر جیادەکاتەوە، ئەم جیاکارییە لەگەڵ ئەوەی سەختە بەهۆی گۆڕانی بەردەوام و تێکەڵاوبوونی لەناکاوی چەشنەکان خۆیانەوە بەڵام دواجار قاڵب دەگرن و لە چەشنێکی نوێدا خۆیان دەبیننەوە.

لەمەوە بۆ دۆزینەوەی ئەو پەیوەندییە مێژوویی و بنەڕەتییە دەچین کە لەنێوان دراماو شیعردا هەبووەو سەریهەڵداوە، گەورەترین و بەهێزترین پەیوەندی نێوان شیعرو دراما بۆ سەرهەڵدانە مێژووییەکەی دراما دەگەڕێتەوە، «لەسەرهەڵدانەکەی دراماداا، شیعر گەورەترین دەوری مێژوویی دیوە» (سالار، ١٩٨٠، ٧٠) کە بەجۆرێک ئاوێتەو هاوپەیوەندبوون لەگەڵ شیعرو شاعیراندا، هەموو دراما نووسەکانی سەرەتا شاعیران بوون و دراماکانیشیان بە شیعر نووسیوە، ئەگەر لەگۆشەنیگای مێژووی دراماوە سەرنج بدەین، هەست بەوە دەکەین «بەدرێژایی چواردە سەدە شیعر نەک هەردەستەملانی درامابووە بەڵکوخودی خۆی درامابووە» (عەبدوڵڵا، ٢٠١٥، 45)، ئەمەش بەشێوەیەکی قوڵ پەیوەندی بەوەوە هەیە، کە کەرەستەو بابەتی خامی دراماکان، ئەو داستانانە بوون کە لە شارستانییەتە کۆنەکاندا هەبوون و هەموویان بە هۆنراوە نووسرابوون، کەواتە هەر لەسەرەتاوە«شیعرو دراما دوو شتی سەربەیەک و تێکەڵی یەکتربوون و هەردوو لە بۆتەیەکدا توێنراونەتەوە، شیعر زمانی سەراپای دراماکان بووە، شیعر وەک مۆرکێکی تایبەت بە دراما هاتووەو وەک پێویستییەکی گرنگی تەواوکەر خۆی سەپاندووە» (سالار، ١٩٨٠، ٧٠). هەرچەندە لە ڕوویەکەوە ئەم ئاوێتە بوونە قوڵەی ژانری شیعر و دراما تا سەدەی هەژدە و سەرهەڵدانی درامای پەخشانی خایاند، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە، کە دوای ئەو مێژووە ئەم پەیوەندییە کۆتایی پێهاتووە، بەڵکو ئەمە تەنها لەو سۆنگەوەیە، کە دەرگایەکی تر بە ڕووی نووسینی درامادا کرایەوە، کە ئەویش نووسینی دراما بوو بە پەخشان، وەگەرنا تا ئێستاشی لەگەڵ بێت شیعر ڕۆڵی گەورەی هەیە لە بوونیادی هەندێک دەقی دراماییداو «گەلێک نووسەری دراماییی لەسەر هەمان ڕێباز بەردەوامن و بڕوایان بەو بەکارهێنانەی هەیە»(سالار، ١٩٨٠، ٧٠) بەڵام ئەو پەیوەندییە لە نێوان شیعرو درامادا هەیە بە پێیی هەندێک قۆناغ دەرکەوتنی زیاتری دەبێت، یان تووشی هەندێک سستی دەبێت.

دەکرێت لە خاڵێکی ترەوە پەیوەندی نێوان شیعر و دراما بە خستنەڕووی لێکچوون و جیاوازییەکانیان بدۆزینەوە، یان بڵێین چ کاتێک شیعر دەتوانێت ببێتە بەشێک لە نواندن و دراما، دیارە کە دراما وا پێناسە کراوە، کە بریتییە لە جوڵەو کردارێک ڕووبەڕووی بینەران و کارێکی ئەداییە لەسەر تەختەی شانۆ پێشکەشدەکرێت، لەم پێناسەوە دەتوانین لێکچوونێك بەدیبکەین کە رووکارە سەرەتاکانی لیکبدەینەوە و دواتر بۆ کاریگەربوونە دیارەکەی نێوان شیعرو دراما بچین، بۆنموونە کاتێک شیعر لە نووسینەوە دەگۆڕێتە سەر خوێندنەوە لەلایەن شاعیرەوە، ئەو کاتە بە جۆرێک لە جۆرەکان شیعر وەزیفەی نواندن لەو ئەدایەوە بەرجەستە دەکات و شیعریش دەبێتە ئامرازی نواندن، بەڵام لێرەدا مەبەستمان لە بەشداریکردنی شاعیرە وەک ئەکتەر و کارەکتەری سەرەکی لە پێشکەشکردنی شیعرەکەیدا. کاتێک شاعیر بە سۆزیان حەماسەتەوە ڕووبەڕووی جەماوەرو گوێگرانی دەستدەکاتە خوێندنەوەی دەقێکی شیعری، ئاماژەو جوڵەی جەستەی شاعیر

هاوبەشــە لە ســەرنجی ڕاکێشــانی بینەران و گوێگران بۆلای خۆی و بینەران و گوێگران دەکاتە بەشێک لە ئەو فەزایەیی دەیخولقێنێ، لە بەشێك لە هەڵچوونەکانیاندا بەشداریان دەکات، لەم بارەدا دەقەکە دەبێتە بەشێک لە دەقێکی نووسراو بۆ نواندن و شاعیریش ڕۆڵی تاک ئەکتەر دەبینێت، لەو حاڵەتە کەمێک لە نمایش و نواندن نزیک دەبێتەوە، بە وتەی لارنس پرین «تەنها تایبەتمەندی دراما ئەوەیە کە لە بنەڕەتدا بۆ ئەداکردنە نەک بۆ خوێندنەوە، بە گشــتی کردارییەو لە لایەن ئەکتەرەوە لەسەر تەختەی شانۆ ڕووبەڕووی بینەران پێشکەشدەکرێت» (أمینی، ١٣٨٤، ٢٠٥) لەو ڕووەوە بە پێی ئەو سەرنج و تیڕوانینانە، کاتێک شاعیر شیعر ڕووبەڕووی جەماوەر دەخوێنێتەوە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە نێو کردارێکی درامی و دەبێتە ئەکتەرێکی ســەر شــانۆو ئاماژەو جوڵە ئاوێتەی دەربڕینەکانی دەکات، بەو جوڵەیەش «شتێکی تازە دەخاتە سەر خەرمانی کەسایەتییەکەی و بەمەش کاریگەری دروستدەکات لەســەر ســەرنجراکێشــان و وردبینی وەرگر"بینەر"» (عەبدوڵا، ٢٠١٦، ٣١٩)، جا لەمەوە دەگەینە ئەو ڕایەیی بڵێین کە وەزیفەی شــیعر لە پێشــکەشــکردن و خوێندنەوەی ڕووبەڕوودا هیچی کەمتر نییە لە وەزیفەی دراما کە هەردووک لە بنەڕەتدا پاش چێژبینین، هۆشیارکردنەوەو سۆزجوڵاندن و هاوبەشی پیکردن و کۆمەڵێک ئەرکی ترە، کە هەردوو ژانرەکە تێیدا هاوبەشن، کەواتە شاعیر لە پێشکەشکردنی ئەم دەقەدا بە بینەران و جەماوەرەکەی ڕەگەزێکی تری دراما کە نواندنە زیاد دەکات بۆ پاڵ ئەو ڕەگەزانەی تر کە لە پێکهاتەی دەقەکەدا بوونیان هەیە. ڕۆلبینینی شــاعیریش لە دەربڕین و ئەداکردندا کاریگەری هەیە و بەمەش لیاقەو تواناو لێهاتووی شــاعیرەکە هۆکاری کۆکردنەوەی زیاتری جەماوەرە بۆ گوێگرتن دەبێتە جۆرێک لە نمایشــی درامی وەک دەوترێت «کاتێک ئەدەبیات بەدەنگی بەرزو حەماســەتەوە هاوڕێ لەگەڵ جوڵەو ئاماژە بەرامبەر گوێگران ئەدا ئەکرێت، تا ڕادەیەکی زۆر دەگۆردرێت بۆ نمایش، لە نێو کلتورو فەرهەنگی ئێمەدا شــیعری زیکرو کۆڕی ســۆفی و دەروێشــان و ئاپۆڕایی شــین و ماتەمگێران بەشــێوەیی تەواوەتی دەگۆڕێت بۆ نواندن» (أمینی، ١٣٨٤، ٢٠٥)، بە بارێکی تردا ئەو شــیعرانەی وەک دروشــمی شــۆڕش و خۆپیشــاندانەکان دەنووســرێن ڕۆڵی گەورەیان هەیە لە کۆکردنەوەی جەماوەرو گەرمووگوڕی بابەتەکەداو بەهێزی کارەکتەری ناو خۆپیشــاندانەکان لە خوێندنەوەی ئەو دەقانەداو توانای نواندنی باشــتر، جوانی زیاتر بە دەقەکە دەبەخشــێت، خاڵێکی تر تایبەتە بە ئەرك و وەزیفەی شــیعر و دراما، ئەرکی شــیعر تەنها لە چوارچێوەی ســۆزدا کورت نابێتەوە، بەڵکو کۆمەڵێک ئەرکی کۆمەڵایەتی و ڕەوشــتی و ســیاســی و مێژوویی... هتد لە خۆ دەگرێت کە دراماش هەمان ئەو ئەرک و ڕۆڵانە دەبینێت، هەندێکجار شــاعیر لە ڕێگەی شــیعرەوە ڕووداو و بەســەرهاتێــک دەخــاتەڕوو، کە لەو ڕووداوەدا چەنــدین کەســــایەتی دێن و دەچن، گفتوگۆدەکەن، زۆرجار باس لە کات و شــوێنی ڕووداوەکەش دەکرێت، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە ئامادەیی ڕەگەزەکانی دراما لە دەقە شــیعرییەکەدا بوونێکی کارایە؛ لەگەڵ ئەوەشــدا ناتوانین بڵێین شیعر بابەتێکی خودی نییە، بەڵام کاتێک شیعر باس لە موعاناتی خەڵک دەکات و هاوبەش دەبێت لەگەڵ خەبات و داخوازییەکانیان، ڕووداوەکان دەبنە کەرەســتەی ســەرەکی پێکهاتەی شــیعر، ئەو کات بابەتی بوونی شیعر نزیک دەکاتەوە لەگەڵ بابەتی بوونی دراما.

سەردەمێک مشتومڕ هەبووە لەسەر ئەوەی دراما بە هونەر و شیعر بە ئەدەبیات لە قەڵەمدراوەو بە دوو ژانری جیاوازو دوو دنیای جیاواز حســابیان بۆ کراوە، بەڵام لە ڕاســتیدا خاڵی هاوبەش و

لێکچوونی نێوان ئەم دوو ژانرە زۆرترە لە جیاوازییەکانیان لەم ڕووەوە کریستۆفر نیو، لە پێشەکی کتێبەکەی کە دەربارەی فەلســـەفەی ئەدەبە لە بارەی جیاوازی و لێکچوونی ئەدەبیات و هونەری دراما لە بەشـــی درامادا دەنووســێت، «بۆچی ئەبێت ئێمە گومانمان هەبێ کە دراما ئەدەب نییە؟ لە کاتێکدا یەک وەڵام هەیە بۆ ئەوە کە جیاوازی هەبێ لە نێوان دراما و ئەدەبیات ئەویش ئەوەیە کە دراما بەشێکە لە هونەرەکانی نواندن... بەڵام بەم ئەنجامەی دێتە بوون زۆر دەستەوسان دەبین کە بۆچی نابێت دراما وەک بەشێک لە ئەدەبیات وەربگرین» (أمینی، ١٣٨٤، ٢٠٦) بەپێی بۆچوونەکەی کریســـتۆفر پێی وایە دەتوانرێت جیاوازی گەورە لەنێوان هونەرەکانی وەک وێنەکێشـــان و پەیکەرتاشـیی و... لەگەڵ شـیعرو ئەدەبیاتدا بکرێت، لەگەڵ ئەوەشـدا دەتوانین زمان وەك یەکەمین خاڵی هاوبەشی نێوان ئەدەبیات و هونەری دراما پیشانبدەین، خاڵێکی تر لە درامیبوونی دەقەکەدایە، ت. س. ئیلیوت (١٨٨٨-١٩٦٥) دەڵێت: «شیعر لە کاتێکدا پێیدەوترێت شیعر، کە لە هەڵوێستەیەکی درامیدا ببینرێت بەشێوەیەک مرۆڤ بباتە قوڵایی دەقەکە و سەرنجی ڕاکێشێت»(سعاد، ٢٠١١، ٨٨). وەک ئەوەی ئاماژەی پێکرا لەچەندین ڕووەوە، هونەری نواندن و دراما لەگەڵ شـــیعر جۆرێک لە لێکنزیکی و هاوبەشی لەنێوانیاندا هەیە. جیا لەوانەی ئاماژەمان پێدا، پەیوەندی نێوان شیعرو دراما لە ئێستادا لە بەکارهێنانی تەکنیک و توخمەکانی درامادا خۆی دەبینێتەوە، تا ئەو ڕادەیەی تانوپۆی ڕەگەزەکانی دراما لەشیعردا بەباشی هەستپیدەکەین، کە وەک کەرەستەو بابەتێکی شیعری سودی یەکجار زۆری لێدەبینرێت، واتە بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی دراما لە شـیعردا بەتایبەت شـیعری ئەو ســـەردەمەی لەڕووی زەمەنەوە لە ئەدەبدا بە شـــیعری نوێ ناوزەد کراوە، ئەمەش جەمســـەرێکی بەهێزی پەیوەندی نێوان دراماو شیعرە لەم قۆناغەدا، وەك ئاماژەمان پێکرد لەسەرو ئەمانەوە زمان خاڵێکی تری لێکنزیکی ئەم دوو ژانرەی ئەدەب بوو، کە پەیوەندی ڕاســـتەوخۆی بە بەکارهێنانی زمانی خەڵکەوە هەیە، بێگومان زمانی شـــیعری نوێ زمانێکی ســـادە و پڕ لەجوانی بوو، ئەو سـادەییەی دەرگایەکی گەورەی بەڕووی تێگەشـتنی زیاتردا لێکردەوە، بەکارهێنانی هەمان زمانیش لە درامادا ڕۆڵی هەبووە لە پەیوەندی بەســـتن لەگەڵ بینەردا، شـــاعیر مافی خۆیەتی ئەو شـــێوازە دەربڕینە هەڵبژێرێت، کە خۆی پێی باشــە جا ڕوون بێت، یان نا، چونکە کرداری تێگەشـتن ناچێتە بازنەی شێوازە هەڵبژێراوەکەوە.

**تەوەری سێیەم:**

**پەیوەندی نێوان شیعرو دراما لە ڕەگەزەکانی(کارەکتەر – دیالۆگ)دا بەنموونە.**

هەریەکە لەو ڕەگەزانە(کارەکتەر و دیالۆگ) بە ڕەگەزە بنەڕەتی و بنچینەییەکانی دراما دێنە ئەژمار، ئامادەیی ئەو ڕەگەزانە لە شیعردا بەشێوەیەکی فراوان، بەڵگەیە لەسەر بەهێزی پەیوەندی نێوان شـیعرو دراما، بۆیە دەتوانین وەك خاڵێکی گرنگ و بنچینەیی لەو پەیوەنییەی نێوان شـیعرو دراما بنواڕین و بۆ خســـتنەڕووی ئەو پەیوەندییەو ڕایەڵەکانی نێوانیان، تەنها ئەم دوو ڕەگەزی درامی بکەینە نموونەو دواتر لەســـەر بنچینەی هەردوو ڕەگەزی(کارەکتەر و دیالۆگ) ئەنجامە بەدەستهاتووەکان بخەینە ڕوو.

ئەم دوو ڕەگەزە بۆخۆیان پەیوەندی پتەو و نزیك لەنێوانیاندا هەیە لێکنزیکی نێوان هەردوو ڕەگەزەکە زمانە، هەر زمانیش زیاترو باشـــتر لە شـــیعردا دەرگای هاوبەشـــی و کاریگەرییان لێدەکاتەوە، زمان لە پێکهاتەی کارەکتەر و ڕەگەزی دیالۆگ ڕۆڵی بەرچاوی هەیە، لە ڕوانگەیەکی

ترەوە زمان بە کەرەستەیەکی گرنگی ژیانی مرۆڤەکان دادەنرێت لەهەمان کاتدا کەرەستەیەکی هونەرییە، کە بەهۆیەوە کەسایەتییەکان(کارەکتەرەکان) دەتوانن هەستەکانی خۆیانی پێدەربڕن، ئەمەش لە کاتی گفتوگۆ(دیالۆگ)دا بەرجەستەدەبێت. زمان سەرچاوەیەکی بنەڕەتی و بەهێزی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ژانرەکانی ئەدەب و هونەرە( بە شیعرو دراماشەوە)، هەڵبژاردنی دەربڕینی زمانەوانی و بیرۆکەکان لە ئەدەبدا سەرچاوەی دروستبوونی تەواوی ژانرو شێوەکانییەتی، لە درامادا سەرەڕای ئەوەی لە دەربڕین و دیالۆگدا پێگەی پتەوی هەیە، ڕۆڵی کاراشی دەبینێت لە دروستکردنی کرداری دراماتیکیدا؛

زمان کەرەستەو مادەیەکی خاوە، کە نووسەری دراما یان شاعیر کاری لەسەردەکات«بە ڕێگەی هونەرییەوە، ئەو شێوەی کە خۆی دەیەوێت دەریدەبڕێت»(سعاد، ٢٠١١، ٨٨)، دەربڕینیش لە ژانرێکەوە بۆ ژانرێکی تر جیاوازە، زمانیش ئامرازی جیاکەرەوەیە،«وشە لەناو فەرهەنگی زماندا پەرتوبڵاوە، هەموو کەس دەستی پێڕادەگا، بەڵام نووسەر و شاعیر دەتوانن بە شێوەیەکی داهێنەرانە وشە هەڵبژێرن و بە شێوەی تایبەتی وشەکان ڕێکبخەن»(ئەرستو، ٢٠١١، ١٥١)، هەروەها زمان توخمێکی سەرەکی درامایە، چونکە دەتوانێت بە شێوازی ناوازە پەیوەندی لەگەڵ خەڵکدا بکات، ئەوەی خاڵی جیاکەرەوەی درامایە لە دەقەکانی تری گێڕانەوە، دیالۆگە، دیالۆگیش پشت بە زمان دەبەستێت، «زمانیش دوای ئاماژەی جەستەیی، یەکەمین ئامرازی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و فاکتەری سەرەکی لەیەکتر گەیشتنیانە»(بەرزنجی، ٢٠٠٨، ١٨)، ئەرستۆ بایەخی گرنگی بە ڕۆڵی زمانداوەو لە باسی تراژیدیادا، باسی زمانێکی جوان دەهێنێتە ئاراوەو دەڵێت: «مەبەستم لە جوانی زمان هۆنینەوەو هاوئاهەنگییە»(ئەریستۆ، ٢٠١٠، ٢٢)، هەروەها تەکنیکێکی تر کە پەیوەندیی دیالۆگ و کارەکتەر نزیکدەکاتەوە، کۆرسە، هەرچەندە لەسەرەتای سەرهەڵدانی دراماوە پێش ئەوەی ڕۆڵی کۆرس کەمبکرێتەوە دراماکان پشتیان بە کۆرس دەبەست بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی هەردوو ڕەگەزی کارەکتەر و دیالۆگ، دواتر «لە سەدەی شەشەمی (پ.ز)؛ (تیسپیس) ئەکتەری یەکەمی هێنایە ئاراوە بۆ ئەوەی لەتەک (کۆرس) دا ڕۆڵی خۆی ببینێ، ئینجا (ئەسخیلۆس) ئەکتەری دووەم و (سۆفۆکلیس) ش ئەکتەری سێیەمی داهێنا»(کاردۆ، ٢٠٠٦، ٩) کاتێك کەسی دووەم و سێیەمیش لەگەڵ کەسی یەکەم کەوتنە گفتوگۆ و قەبارە و ڕۆڵی کۆرسەکانیش کەمکرانەوە، بەمەش «لە درامادا گەشەکردنی دیالۆگ و گفتوگۆکان» (جابر، ٢٠١٢، ٣٢)، پەرەی سەند، بەڵام تائێستاش لە هەندێك جۆری درامادا بە تایبەتی درامای شیعری کۆرس لەگەڵ ئەکتەردا ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت. ڕۆڵی ئەکتەر لە درامادا گرنگە بەو ڕادەیەیی وابەستەی داهێنانی دراماکەیە «دراما بریتییە لە داهێنان و ئەکتەر ئەنجامی دەدات»(حسن، ١٩٨٠، ٤٧) جیورجی تۆفستونوگوف دەڵێت: «ئەکتەر هەوڵدەدات کە بەتەواوی بچێتە پرێیستی دەورەکەیەوە (تقمص) وەک (ستانسلاڤسکی) دەیەوێت، یان بەتەواوی نەچێت وەک (برێخت) دەیەوێت، هونەری ئەکتەر دەگۆڕدرێت، بەڵام خاسیەتە ئینسانییەکەی شارەزایی ئەکتەر، بە جێگیری دەمێنێتەوەو ناگۆڕێت» (ئەمین، ٢٠٠٢، ١١). ستانسلاڤسکی بە ئەکتەرەکانی دراما دەڵێت: «تۆش هەوڵ بدە تا بتوانی مەبەستی بیرەکە دەرببڕی و بیگەیەنی، بەڵام ئەبێ بە چاکی و تەواوی دەریببڕی، هەوڵبدە نواندنەکەت وەک مەبەستی بیری دراماییەکە بێ»(سالار، ١٩٨٠، ١٧)

**1- کارەکتەر**

کارەکتەر: ڕەگەزێکی گرنگ و بنچینەیی دراماو کەسێک یان تاکێکە لە درامادا، کە تایبەتمەندی کەسی(شەخصی) کەسایەتییەک، یان ڕۆڵێکی ئەو کەسایەتییە بەرجەستە دەکات. دەتوانین بڵێین کەسێک یان تاکێکە لە نواندن و ڕۆڵگێڕاندا، تایبەتمەندی کەسی یان مێژوویی دەخاتەڕوو؛

لە یەکەمین هەوڵی گورانی شاعیر بۆ نووسینی ئۆپێرای(ئەنجامی ئەژدهاك) کە یەکێکە لە فۆرمەکانی شیعری درامی، واتە فۆرمێکی شیعرییە کە لە بنچینەدا بۆ نمایشکردن نووسراوە، کۆمەڵێك کارەکتەر ڕۆڵی تێدادەگێڕن لەوانە(چارچی – یاساوڵان – سەرکردەی یاساوڵان – سەرکردە- کاوە - یاساوڵی یەکەم- یاساوڵی دووەم، لاوی یەکەم و دووەم و کچان....) وەك دەبینین هەریەکە لەو کارەکتەرانە، ڕۆڵی کەسایەتییەکی ئەفسانەیی و مێژووییان لە ئەستۆ گرتووە، کە لەپێشنەکانەوە بە ئێمە گەشتووە.

**جاڕچی**

**بە فەرمانی شای بێباک،**

**خاوەن شکۆ: ئەژدەهاک،**

**ورتەتان لە دەم دەرێ،**

**بە شیر لە سەرتان ئەدرێ!** **دیوانی گۆران، 2014، ل263**

ئەژدهاك مەبەست پێی زوحاکە کە کارەکتەرێکی مێژووییە و بەپێی گێڕانەوە ئەفسانەییەکان گوزارشت لە کەسێکی ستەمکاردەکات، گۆرانیش لە دەقەکەشدا هەر ئەو ڕۆڵەی پێدراوە.

**سەرکردەی یاساوڵان:**

**سەر هیی شایە، ماڵ هیی شایە،**

**هەر ماڵە کوڕێک... چیی تیایە؟!**

سەرکردەی یاساوڵان کارەکتەرێکی تری مێژووییە هەرچەندە ناو و ناونیشانێکی دیاری نییە وەك ناوێکی ناسراو مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بەڵام ڕەهەندێکی مێژوویی هەیە و گرنگ ڕۆڵگێرانەکەیەتی، کە فەرمانبەرداری فەرمانەکانی ئەژدەهاکە.

ئەم بەرهەمە بەرهەمێکی تەواونەکراوە، وەك گۆران خۆی دەڵێت«ئێستا پەردەی یەکەم لە ئۆپێرای ناتەواو دەخەمە پێشچاوی خوێندەوارانی بەیان»(دیوانی گۆران، 2014، 262) کە مەبەست لە ناتەواو، واتە بواری تەواوکردنی نەبووە وەك خۆی دەڵی ئەگەر بواری بۆ ڕەخسا تەواوی دەکات. لەم دەقەو هەردەقێکی تری درامیدا، هەر کارەکتەرێك هەڵگری ناو سیفەت و تایبەتمەندی خۆیەتی و بەرۆڵەکەیدا دەناسرێتەوە، شاعیر لە شیعردا بەپێی پێویستی ڕووداوەکانی ناو دەقە شیعرییەکەی کارەکتەرو کەسایەتییەك دەخولقێنێ، هەروەك چۆن درامانووسیش ئەم کارەدەکات، کەواتە بەپێی جۆری ڕووداوەکان(مێژوویی، سیاسی، ئاینی، کۆمەڵایەتی ...) پاڵەوانەکان لە دایکدەبن و هەندێکجار ڕاستەقینەیی ڕووداوە کارەکتەرەکە دەستنیشان دەکات.

هەڵۆ بەگ یەکێکە لە گیانبەختکەرانی ڕووداوی شەشی ئەیلولی بەردەرکی سەرای شاری سلێمانی، گۆرانی شاعیر دوو ساڵ دوای ئەو کارەساتە(ئەیلولی 1932) دەقێکی شیعری بۆ

یادی ئەو ڕووداوە دەنووسێت و هەڵۆبەگ وەك ناوێكی دیارو چالاكوانێكی ڕووداوەكە، دەكاتە پاڵەوانی سەرەكی گێڕانەوەی ڕووداوەكە.

**هەزار و نۆسەد و سی بوو، شەشی ئەیلوول كە ڕۆژ هەڵهات:**
**غریوی ویستنی حەق كەوتە ناو شاری سلێمانی؛**

**(هەڵۆبەگ) ئەو جوانەی پڕ دڵی بوو بۆ وەتەن ئاوات،**
**لە پێش جەمعێكەوە تا بەرسەرا ڕووی هەڵمەتی هانی.**

***

**لەگەڵ یارانی ئەیوت: «ئەی حوكوومەت! تا نەكەی تەسبیت**
**حوقووقی كوردەواری، نایەوێ كورد نینتیخاباتت؛ ...        دیوانی گۆران ل199**

دەكرێت نووسەری دراما یان شاعیر پەنا بۆ دەمامك ببات تا ڕۆڵی كارەكتەرو پاڵەوانێك لە شیعرەكەیدا بەرجەستە بكات، بۆنموونە كاتێك ڕۆڵی شۆڕشگێڕێك وەك ڕەمزی شۆڕشێك نیشاندەدرێت مەرج نییە ئەو پاڵەوانە دەقاودەق كەسایەتییەكی دیاریكراوبێت، یان شاعیر پەنا بۆ سیفەت و ئاكاری پاڵەوانێك دەبات و بە بێ ناوهێنانی بیری خوێنەر دەباتەوە سەر خودی كەسایەتییەكە.

حەمدی شاعیر(1878-1936) باس لە ڕووداوەكانی شەڕی ئاوباریك دەكات و ڕاستەوخۆ ناوی شێخ مەحموود ناهێنێت بەڵام لە دوو شوێندا ئاماژە بە نازناو و ڕۆڵەكەی دەكات، كە ڕاستەوخۆ بیری خوێنەر بۆ لای شێخ مەحموود دەباتەوە:

**یەك فەوج جەیشی عەرەب، سەد نەفەر پۆلیسی تورك**
**پێشڕەوی دووسەد سواری تاڵەبانی بۆ جەدەل**
**نەفری عامی هاتنە سەر یەك نەفەر سەرداری كورد**
**بۆ خسووفی مانگ وەكو چووبن شەیاتینی بە گەل ...        دیوانی حەمدی ل134**

دیارە شەڕی ئاوباریك لە نێوان شێخ مەحموود و دوژمنانی كوردابووەو لەكاتێكدا شێخ مەحموود لەگەڵ پەنجا لە دۆست و سەربازەكانی لە ڕۆژێكی بەهاردا بۆ پشوودان و كات بەسەربردن لە ئاوباریك دەبن، جەیشێكی گەورە وەك لە دەقەكەدا باسكراوە دەدەن بەسەریاندا، حەمدی ستایشی كورد دەكات و مەبەستی لە سەرداری كورد(شێخ مەحموودی نەمرە).

ئەوەی ئەكتەر پێی هەڵدەستێت، پێی دەڵێن ڕۆڵ یان ڕۆڵگێڕان، واتە ئەكتەر لەبەرگی كەسایەتییەكی تردا، كە دراما یان دەقێكی ئەدەبی پێویستی پێیەتی كارێك یان نمایشێك ئەنجامدەدات؛ لە دەقی شیعری (ئینتیباە) كە لە ساڵی 1925 بڵاوكراوەتەوە، شێخ نووری، ڕۆڵی بە چەند كەسایەتییەك داوە بابەت و ڕووداوی شیعرە درامییەكە بەرخودانی میللەتەو باس لە ڕووداوێك دەكات لە نێوان هێزی گەل و دوژمنانی كوردا، هەموو ئەوانەی بەشداری ڕۆڵگێرانەكە دەكەن ئەوانەن كە زەرورەتی ڕووداوەكانی ناو دەقەكە دەیخوازێت:

**دلاوەران:**
**ئەولادی وەتەن ئێمە كەوا میللەتی كوردین**
**بۆ غایەیی ئاسایشی میللەت هەموو گوردین**

**شێرانە ئەوا مەعرەکە ئارایی وەغا بووین**
**بۆ ڕشتنی خوێناوی عەدوو حازری ڕا بووین....      دیوانی شێخ نووری ل61.**

کارەکتەر لە دەقی ئەدەبیدا کەسایەتییەکی دروستکراوە، خاوەنی کۆمەڵێك بارو حاڵەت و هەڵوێستی خۆیەتی کە پێی دەناسرێتەوە؛ لەم دەقەی شێخ نووریدا هەست بە چەند ڕۆڵێکی جیاواز دەکەین کە هەریەکەیان کەسایەتییەك وێنا دەکەن بۆ نموونە بۆ ڕۆڵی باوك لە سەرچاوەی هێزو ئیرادەوە بەرامبەر دوژمن دەخاتەڕوو، لە دەقەکەدا ئەرکی ترساندنی دوژمنی خستۆتە ئەستۆی، بەوەی دلاوەران چۆن بەرامبەر دوژمنان دەوەستنەوە

**باوک:**
**لەم وەزعە گەر ئەی دوشمنی کورد ئێوە ئەپرسن**
**ئەم هەمهەمەیە میللەتە هەڵساوە بترسن**
**کفن بۆ خۆتان ببڕن، هەر لە ئێستاوە بمرن**
**لازمە لەبەر غەم و حەسرەت، ببن ئەشک ڕێژی مەزەﷲت**
**ئەی دلاوەرانی وەتەن، وەرنە ئیمداد**
**باوک بە پەرۆش لێتان ئەکا ئیستیمداد...      دیوانی شێخ نووری ل61**

زۆرجار جیاکردنەوەی وەزیفەی ئەکتەرەکان لەیەکتر بە پێی سروشتی ڕەفتارو پێکهاتەی بایەلۆژیان دیاریدەکرێت ، کە هەریەکەیان پێویستە بە ڕۆڵی خۆی هەستێت و ئەو ئەرکەی لەسەریەتی بە باشی ئەدای بکات،

یەکێك لەکارەکتەرانەی لەم دەقەدا ڕۆڵدەگێڕێت کە سایەتی دایکە

**دایک:**
**بۆ ئێوە کەوا غیرەتە، یەکدەفعە ڕەگ و ئێسک**
**حاشا کە بە حوزنێکی زەلیلانەوە فرمێسک**
**لە چاوم بێت و بتکێ دڵم یەک زەڕڕە بشکێ**
**چونکە ئێوە جەسوور ئەبینم، نامێنێ ئازاری برینم**
**شیرەکەم حەڵاڵتان بێ، ڕۆژی هیمەتە**
**ڕۆحەکەم فیداتان بێ، وەقتی غیرەتە      دیوانی شێخ نووری ل62**

کۆمەڵێك کارەکتەری تر لەم دەقەدا هەن لەوانە(منالەکان – ئافرەت بە منالەوە - کچەکان هەروەها چەك بەدەستەکان) کە هەریەکەیان نمایشی ڕۆڵی خۆیان دەکەن و بەشداری لە ڕووداوەکانی ناو ئەم دراما شیعرییەدا دەکەن ئەوەی گرنگە دەبێت سیفات و کردارو ڕەفتارەکانی کارەکتەر لە ڕوانگەی بینەرو خوێنەرەوە زیندووبێت و زۆر ڕۆنەچێت لەناو خەیاڵات و دوورکەوتنەوە لەکەسایەتییەکی واقیعی بەواتای ئەوەی ماقوڵ و باوەڕپێکراوبێت.

2- **دیالۆگ** ئەو ڕەگەزە گرنگەی درامایە کە ژانری دراما لە ژانرەکانی گێڕانەوەبەندی وەك چیرۆك و ڕۆمان و داستانی پێجیادەکرێتەوە، کەواتە دیالۆك خاڵی گرنگی ناسینەوەی کاری دراماییە،

دیالۆگ لە بنەڕەتدا بریتییە لە گفتوگۆیەکی زارەکی لە نێوان دوو کەس یان زیاتر ئەنجامدەدرێت. دیالۆگ«بەرهەمی زمانە، زمانیش دوای ئاماژەی جەســـتەیی یەکەمین ئامرازی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و فاکتەری سەرەکی لەیەکتر تێگەیشتنیانە»(بەرزنجی، ٢٠٠٩، ١٨).

ئەم ڕەگەزە لە شـیعری شـاعیراندا بوونی هەیەو هەندێك لە شـاعیران لە پێکهاتەی دەقێکی شیعری پەنایان بۆ دیالۆگ و گفتوگۆ بردووەو زۆرجار لە ڕێگەی دەستەواژەی (وتی وتیان و وتم ...) دیالۆگێکی شیعریان ڕێکخستووە تا مەبەست و پەیامێك بگەیەنن.
پیرەمێرد لە دەقی (خوا پێداو)دا کە لە ساڵی 1937 نووسیویەتی لە خۆ دواندنێکدا، دیالۆگێك لە نێوان دەنگی شـاعیر وەك قسـەکەرێك و تازە نەونەمامێك ڕێکدەخات و هەسـت و سـۆزی خۆی لە ڕێگەی ئەو گفتوگۆیەوە نیشـاندەدات، دیمەنەکان دیمەنێکی درامین و دیالۆگەکەش دیالۆگێکی شـێوە درامایيە.

**من بە شەرارەی ئێشی زامەوە**
**لەبەر پێی ئەوا ئەتلامەوە**

**لە پڕێک قاقای فریشتەی سەوزپۆش**
**گەییە سەروەختم هێنامیەوە جۆش**

**وتی: بەم پیرییە چیت لە جوانانە؟**
**ئەکەویە داوی خاڵ و لەرزانە**

**وتم: هەر پیرە جوان تێک ئەبەستێ**
**نەمام بە داری پیر ڕائەوەستێ....          پیرەمێردی نەمر، 1970، ل183**

ئەم گفتوگۆیە بەردەوام دەبێت وەك ڕووداوێکی سروشتی و حاڵەتی هەڵچوونی نێوان مرۆڤەکان کە هەندێکجار سەرەنجامی دیالۆگەکان شەڕی لێپەیدادەبێت، ئەمانیش لێیان دەبێت شەڕ و تیر باران دواتر (خوا دای زەردەپۆش لەولاوە دەرکەوت)کەســـی ســـێیەم دێت کە ڕۆڵی کۆرس دەگێڕێت و دەکەوێتە نێوانیان و ئاشتیان دەکاتەوە،

**وتیان: هەرچەند خوێن کەوتە بەینەوە**

**ئەمجارە هاتووین ئاشتت کەینەوە**

**دەست لەملان و گەردن ئازایی**

**کردمانە کەیف و بەزمی چاوشایی...          دیوانی پیرەمێردی نەمر، 1970، ل183**

کارەکتەر بەبێ دواندن و نمایشکردنی ڕۆڵەکەی لە ڕێگەی دیالۆگەوە ناگاتە هیچ گەشەکردن و بەرەوپێشـچوونێك، هەرچەندە لەگەڵ دیالۆگ ئاماژەکانی جەسـتەو جوڵە ڕۆڵی گرنگ دەبینن وەك ڕەگەزێکی شـوێنکەوتووی دیالۆگ، بەڵام هیچ کاتێك ناتوانرێت بەشـێوەیەکی ڕەها تەنها پشـت بە جوڵە ببەســترێت، بەتایبەت لە دەقی شـــیعریدا، کە دەربڕین پایەیەکی گرنگی هەیە. ئەگەر لە

پرۆسەی نووسینی دەقێکی شیعریشدا، تەنها یەك کارەکتەر بوونی هەبێ کە ئەویش خودی شاعیربێت، گوزارشتەکانی لە ڕێگەی هەستەکانیەوە، بەیان دەکات و بەرامبەر(خوێنەر) لە خواست و هەستەکانی بە ئاگادەهێنێتەوە، چونکە هیچ دەقێك بەبێ پەیامێکی دیاریکراو و ئامانجێکی تایبەتی نانوسرێت، دراما بۆ نمایشەو شیعریش بۆ خوێندنەوەیە.

دیلانی شاعیر قاڵبووی ئێش و ئازاری گەلەکەیەتی و ئەو کارەسات و ناخۆشییانەی بەسەر نەتەوەی کورددا هاتووە هەمیشە خۆی بەبەشێك لە هەڵگری ئەو غەم و ناخۆشیانە زانیوەو بۆ ناسۆرەکانی شیعری نووسیوە ئەوەتا لە دەقێکیدا بەناوی دەمەتەقێ کە بەواتای دیالۆگ دێت لە نێوان دوو کارەکتەری (لاس و گوڵدا) ڕووداوی ئەم دیالۆگە بە ڕەمز دەخاتەڕوو، لەلایەن لاسەوە باسی حاڵی گوڵەباخ دەکات کە دیارە مەبەست پێی حاڵ میللەتە، بە دەربڕین و وشە شیعرییەکان و گفتوگۆی نێوانیان بەشێك لە ئازارەکانی کورد دەخاتەڕوو

**لاس:**

**گۆڵەباخ ئیمساڵ شکاوە چڵی**

**وەنەوشە سیس و ژاکاوە گوڵی...**

لەکۆتایی کۆپلەی یەکەمدا لاس ڕوو لە گوڵ دەکات و حاڵی خراپی میللەتی لێدەپرسێ و دەڵێ

**بەهاری ئیمساڵ تۆراو و تاڵە**

**با لە گوڵ پرسین چییە ئەم حاڵە؟**

بەم دیالۆگەدا ڕوون دەبێتەوە کە ئەو دوو کەسایەتییە(لاس و گوڵ) خوازراون بۆ دوو کەسایەتی زیندوو(مرۆڤ). دیالۆگەکە لەبەرگێکی سۆزداریدا ڕەهەندێکی سیاسی هەیە وەك دەبینین گوڵ وەڵامی لاس دەداتەوەو دەڵێت:

**وازم لێ بێنە دەستم دامانت**

**نازانم چییە ناو و نیشانت**

**پەڕ و پۆم وەری لەش داڕزاوە**

**چقڵی دونیا لە ڕووم چەقاوە...**

دیالۆگە بەردەوام دەبێت تا لە کۆتایدا گوڵ تەواوی ڕازو نهێنییەکانی ژیانی تاکی کورد دەخاتەڕوو

**دەی گوێ ڕاگرە ئەی هەر دوو چاوم**
**(من) سەربەستییە نیشان و ناوم**
**پێی داگیرکەران پێی خوێنمژانمان**
**پلیشانیەوە گوڵی باخانمان**
**ڕووخانی لانەی مەلی سەر دارم**

**ئەمەیە (حاڵ و ڕاز و گوفتارم).      دیوانی دیلان، 2013، ل60**

لە دەقی ئەدەبیدا هەموو کەس توانای ئەوەی نییە ببێتە ئەکتەرو نواندن بکات و گفتوگۆ(دیالۆگ) لەگەڵ هاوڕێکانی بکات، ئەو گفتوگۆیەیی لە ناو دراما یان دەقێکی ئەدەبیدا هەیە، جیاوازەو گفتوگۆی ناو دەقی ئەدەبی پێویستی بەبەهرەو لێهاتووی هەیە، چونکە ئەوەی ڕۆڵدەگێرێت گوزارشت لە خۆی ناکات، بەڵکو بەپێی ڕووداوەکانی ناو دراما، ململانێکان بەڕێوە دەبات و لە ناخ و دەروون و بیرکردنەوەو ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی کارەکتەرێکا دێتە دواندن و قسەکردن، (نق و جق) یەکێکە لە دەقە دراميیە جوانەکانی گۆران لە گۆشەیەکی ژیانی هەژارێك دەدوێت، حاڵی بەدەست کارمەندانی میرییەوە پەرێشانە، دراما شیعرییەکە ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی هەیە و کارەکتەرەکانی خوازراون، کارەکتەرەکان بریتین لە(هەژار، نق، جق، سەرۆك، پۆلیس)ڕووداوی ئەم چیرۆکە ڕووداوێکی کۆمەڵایەتییە کە لەم ڕۆژگارەی ئێستاشدا چەندینجار دووبارە دەبێتەوە چیرۆکەکە حاڵی هەژارێك دەخاتەڕوو:

**هەژار-**
**قوربان کارم؟**
**نق – بەدەست جقە**
**هەژار سێ هەنگاو بەرەو جق دەنێت قوربان کارم؟**
**جق – بەدەست نقە**
**هەژار – قوربان مەئموری نق کارم**
**عەرزو حاڵەکەی پێرارم      دیوانی گۆران  ل 281**

ئەم دیالۆگە بەردەوام ڕوو لە هەڵکشانە تا سەرۆك دێت و ڕوو لە هەژار دەکات **دەڵێت:**

**چییە کابرای قڕەقڕکەر؟**
**جق دەستپێشخەری دەکات و دەڵێت:**
**گەورەم لێمان تێکدەدات سەر!**
**هەژار: قوربان! عەرزو حاڵی پێرار،      دیوانی گۆران  ل 282**

ئەم بگرەو بێنەیە بەردەوام دەبێت تا هەژاری داماو کەلەپچە دەکەن و عەرزو حاڵەکەشی دەفەوتێ.

پیرەمێری شاعیر یەکێکە لەو شاعیرانەی لە بەشێك لە دەقە شیعرییەکانیدا تەکنیکی دیالۆگی بەکارهێناوەو پەنای بۆ فۆرم و شێوەی گفتوگۆیەکی ئاسایی بەبەکارهێنانی وشەو دەستەواژەی(وتم، وتی، وتیان...) بردووە، لەگەڵ ئەوەدا زۆر وەستایانە توانیویەتی ئەوەی مەبەستییەتی لە سۆزی دەروون و خەیاڵاتی شیعری بەرهەمی بهێنێت، یەکێك لەو دەقە شیعرییانە بەناونیشانی(ئافرەت) لە ڕێگەی دیالۆگێکەوە بە زمانێکی سادەو بە گوزارشتێکی ڕەوانبێژی جوان وەسفی ئافرەت دەکات.

**بە شەو ناڵەی نەخۆش جێی ڕەحمە، من بێ تۆ بناڵێنم**
**ئەڵێ لاچۆ، هەڵەوەڕ، دەنگ مەکە دز دێتە سەر شوێنم**

**وتم: تۆ دەرم ئەکەی، پێی من بە مووی ئەگریجە بەستراوە**
**وتی: سەیری درۆی کە! ئێستە ئەگریجە لە کوێ ماوە؟!**

**وتی: بێڵە بنووم، بێیتە خەوم شایەد تەسەللام بێ**
**وتی: لێم تێر ئەبی بمبینی، با هەر مەیلەکەت لام بێ...** **پیرەمێردی نەمر، 1970، ل202**

دیالۆگ لە شیعردا یان دراما‌دا«پێویستی بە ئامانجێکی گشتی، یان کاریگەرییەکی گشتی هەیە، چونکە یەکەی سۆز یان فیکری تێدا نییە، کە دیالۆگەکە لە سەرەتاوە تا کۆتایی گوزارشتی لێبکا و ململانێکە بەڕێوەببا»(حەمودە، 2016، 145). لەگەڵ ئەوەدا دەبینین بە سێ ڕێگا ئەم گوزارشتکردنە دەگاتە بینەران، یەکەمیان دیالۆگی سەرزارەکییە، دووەمیان خود دواندنێکی ناوەکییە(مۆنۆلۆگ) تا جیهانی پەنهانی کارەکتەرێك بەپێی پێویستی دەقەکە ئاشکرابێت، ئەوەی سێیەمیان جوڵەو هێماو ئاماژەیی جەستەییە، کە ئەکتەر بەو ڕێگایانە و بە ئەداکردنی خۆی گوزارشتیان لێدەکات.

## ئەنجام:

- ڕەگەزەکانی دراما یەکێکن لە خاڵە جەوهەرییەکانی پەیوەندی نێوان هەردوو ژانری دراماو شیعر.
- زمان خاڵی بەیەکگەشتنی نێوان ژانرەکانی ئەدەبەو هەر بەدەربڕین و گوزارشتی زمانەوە جۆرە جیاوازەکانی ژانرە ئەدەبییەکان سەرهەڵدەدەن.
- هەروەك چۆن ڕووداوە کۆمەڵایەتی و مێژوویی و سیاسییەکان هەوێنی پێکهاتەی گشتی درامان، بەهەمان شێوە ڕۆڵیان لە پێکهاتەی شیعرو شیعری درامی و درامایی شیعریشدا، بەرچاو و دیارەو سەرچاوەی لەدایکبوونی چەندین دەقی شیعرین.
- ئەرك و وەزیفەی شیعر بۆ هۆشیارکردنەوەی میللەت هیچی کەمتر نییە لە دراما، هەردووك لە ژیانەوە سەرچاوە دەگرن لە بۆتەیەکدا هاو پەیامن بۆ ژیان.
- کارەکتەر و دیالۆگ وەك دوو نمونەی ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی دراما ڕایەڵەیەکی بەهێزی پەیوەندی نێوان شیعرو درامان، بەوەی ئەم دوو ڕەگەزە ئامادەیی باش و بەرچاویان لە دەقی شیعریدا هەیە.

## <u>لیستی سەرچاوەکان</u>


- ئەرستۆ، ٢٠١١، هونەری شیعر (شیعر ناسی)، وەرگێڕانی عەزیز گەردی، چاپی دووەم، سلێمانی، چاپخانەی گەنج.
- ئەریستۆ، ٢٠١٠، شیعر (پۆیەتیکا)، وەرگێڕانی: محەمەد کەمال (د)، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپ و پەخشی سەردەم.
- ئەمین، عومەر عەلی، ٢٠٠٢، دراما لە ڕوانگەی خەمخۆرەکانییەوە، چاپی یەکەم، سلێمانی.
- أمینی، محمد رضا (د)، ١٣٨٤، تأملی درباره جنبەهای نمایشی ادبیات فارسی، مجله علوم اجتماعی و انسانی دانشگاه شیراز، دوره بیست و دوم. شماره اول، بهار (ویژەنامه زبان و ادبیات فارسی)
- بەرزنجی، ئازاد، ٢٠١٦، تیۆری دراما لای ئەریستۆ، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی سەردەم.
- بەرزنجی، یاسین قادر، ٢٠٠٨، فەرهەنگی دراما، بەرگی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی دەزگاو پەخشی سەردەم.
- بەرزنجی، یاسین قادر، ٢٠٠٩، هونەری دراما، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی کەمال.

- جابر، يوســف حامد (د)، ٢٠١٢، البناء الدرامي في شــعر بلند الحيدري، مجلة جامعة تشـــرين للبحوث و الدراسات العلمية، سلسلة الأداب و العلوم الانسانية، المجلد (٣٤) العدد (٣).
- حـاجی، مەغـدیـد، ٢٠١٨، مێژووی درامـا وەک یەکێـک لە ڕەگەزەکـانی ئەدەب، گ. ڕامـان، ژ (٢٥٦)، ٢٠١٨/٩/٥ سلێمانی.
- حسـن، محمد فريق، ١٩٨٠، لە نێوان نووسـەری دراماگەری و ئەکتەردا (هەندێ مەسـەلەی دراماییی)، چاپی یەکەم، بەغداد، چاپخانەی الحوادث.
- حسـەین، هەڤاڵ ئەبوبەکر ، ٢٠٠٧چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسییەکان و ڕەنگدانەوەی لە (ژیان و ژین)دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
- حەمودە، عبدالعزیز (د)،٢٠١٦، ڕۆنانی دراماییی، وەرگێرانی دلاوەر قەرەداغی، چاپی یەکەم، ســـلێمـانی، چاپخانەی سەردەم.
- الرحماني، أحمد، ٢٠٢١، تیۆرەکانی ڕەخنەی ئەدەبی و پراکتیزەکردنیان، وەرگێڕانی سەردار گەردی (پ.د)، چاپی یەکەم، هەولێر، ناوەندی ڕۆشنبیری ئاوێر.
- ڕەئووف، دانا، ٢٠١٦، تیۆرو پراکتیک لە کتێبەکانی درامادا، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی سەردەم.
- سـالار، أحمد، ١٩٨٠، وانەیەک لە دوا وانەکانی سـتانسـلافسـکی (هەندێ مەسـەلەی دراماییی)، چاپی یەکەم، بەغداد، چاپخانەی الحوادث.
- سعاد، بوطيبة، ٢٠١١، البناء الدرامي في المسرحية الشعرية العربية (رسالة الماجستير)، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، كلية الأداب اللغات والفنون، السنه الجامعية (٢٠١٠-٢٠١١) الجزائر.
- شميسا، سيروس (د)، ١٣٨٧، انواع أدبي، چاپ سوم، تهران، چاپخانه نابش.
- عەبدوڵا، خەلیل عەلی ، ٢٠١٦، بنەما هونەرییەکانی شـــانۆی منداڵان لە زارۆخانەو خوێندنگاکاندا، چاپی یەکەم، سلێمانی.
- عومەر، موحسین ئەحمەد(د)، 2012، فەرهەنگی ئەدەبی، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.
- عەوڵا، عەبدوڵڵا ڕەحمان، ٢٠١١، شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا (باشوری کوردستان ١٩٢٥-١٩٦١)، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.
- کاردۆ (وەرگێران و ئامادەکردن)، ٢٠٠٦، فەرهەنگی زاراوەی دراماییی، چاپی یەکەم، کەرکوک، چاپخانەی ئارابخا.
- الماضـــي، شـکری عزیز (د)،٢٠١٠، تیۆری ئەدەب، وەرگێرانی ســەردار ئەحمەد گەردی (د)، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ماردین.
- هاڵبێرگ، پیتەر و دانەرانی تر، 2018، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی، وەرگێرانی ئەنوەر قادر محەمەد، چاپی سێیەم، سلێمانی، چاپخانەی ئەندێشە.
- ولیک، رینه، و أوســتن وأرن، ١٩٩٢،نظرية الادب، ترجمه: دكتور عادل ســلامة، الرياض/ المملكة العربية السعودية، دار المريخ للنشر.
- اليوت، ت.س، ١٩٩١، في الشعر والشعراء، ترجمة: محمد جديد، ط١، دمشق، دار كنعان للدراسات و النشر.
- **دیوانەکان**
  - ✓ ئاگرین، عەبدوڵڵا(د)، 2013، دیوانی محمد ساڵح دیلان، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر.
  - ✓ عبدالواحد، ئازاد، 1989، دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح، بەشی دووەم، چاپخانەی الجاحظ، بەغداد.
  - ✓ گۆران، عبدوڵڵا 1392، دیوانی گۆران، چاپی پێنجەم، چاپخانەی دالاهۆ، تهران.
  - ✓ مەولود، عەبدوڵڵا خدر، 2013، دیوانی حەمدی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
  - ✓ هاوار، محمد رەسول 1970، دیوانی پیرەمێردی نەمر، چاپخانەی العانی، بەغداد.